ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# هەندێك یادداشتی رەمەزان و جەژنەكەی

فاضل قەرەداغی

رۆژنامەی رێگای یەكبوون ، ژمارە ( ٥٤) سالی یەكەم ،٢٠٠٠/١/١٧، لاپەرە ٥

## ١- جەژن ئیستفتایەكە دژی بێباوەڕان

هەرسالێك و چەند ئیستفتایەكی تێدایە و هەر یەكێكیان رازی بوونی خەلك بەئیسلام تۆمار دەكات، مانگی رەمەزان یەكێكیانە، خەلكی بەشێوەیەكی گشتی رۆژوو دەگرن و داخ و خەفەت بۆ كۆمۆنیستەكان (و بێ باوەڕان بەگشتی ) جێدەهێلن، لەرەمەزاندا شەیتانەكان دەبەسترێنەوەو دیمەنی رۆژووانەكان نابینن بەلام بێباوەڕان ٢٩ یان ٣٠ رۆژ لەناو خەفەتدا دەژین.

جەژن ئیستفتا گەورەكەیە خەلك هەموویان: رۆژووانەكان و ئەوانەی رۆژوویان نەگرتبوو، موسلمان و مونافیق، نوێژكەر و مەیخۆر هەموو تێكڕا لەو رۆژانەدا خۆیان دەگۆڕن، مالان دەگەڕێن، پیرۆزبایی لەیەكتر دەكەن، جەژن ئەوپەڕی شادی مندالانە، لەورۆژەدا هەر كۆمۆنیستەكان ناچار دەبن دەرگای مالیان دابخەن یان مال چۆلبكەنو پەنا هەندەی مالێكی تربن تا خۆیان لە پێشوازی خەلك بدزنەوە.

كۆمۆنیستەكان شەوو رۆژ دژ بە ئیسلام دەقیڕێنن ، جەژن دەرفەتە بۆیان، با لەو رۆژانەدا داوا لەخەلك بكەن واز لە ئیسلام بهێنن و چیتر جەژن نەكەنو بزانن چەند كەس بەدەمیانەوە دەچێت؟

## ٢- بۆچی حوكمی ئیسلامیمان دەوێت؟

ژیان بریتییە لە نموونە و بەلگە لەسەر زەروورەتی هەبوونی دەولەتی ئیسلامی .. با لێرەدا یەكێكیان بلێین. دە شەوی دوایەمینی رەمەزان كە شەوی ( قەدر)یان تێدایە هاوكاتی سەری سالی زاینی بوون.

لەسەری سالی نوێدا دوو تاقم هەبوون: تاقمێك لە مزگەوتدا بۆ خواپەرستن دەمانەوە، تاقمەكەی تریش لەسەر شەقامەكاندا بوونو یادێكیان دەكرد كە هی رۆژئاوای بەهێزو خۆسەپێنەرە.

دەولەتی ئیسلام دەتوانێت بڕیار لەسەر قەدەغەكردنی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی سەری سالی زاینی بدات وەك چۆن((ئاسایش)) دەچووە سەر هەندێك مزگەوتو فەرمانی دەدا چۆلبكرێت.

با زەبروزەنگ لەولاوە بوەستێت. دەولەت جگە لەزەبروزەنگ رێگە بۆ بیروباوەڕی خۆی خۆش دەكات، ئەم سال لای خۆمان درەختی جەژنی لەدایك بوون لەشوێنی گشتیدا دانراو بابا نوئێلەكان بەناو شاردا بلاوكرانەوەو كوڕان و كچان كۆكرانەوەو رەشبەلەكیان پێكرا.

واتە بەكورتی یادێك لای خەلك شیرین كرا، حوكمی ئیسلامی دەتوانێت راستی ئەو یادە ئاشكرا بكات، سەری سالی زاینی یادێكە پەیوەندیی بەئێمەوە نییە، بابانوئێل هێمایەكی نەصرانییە، ئەم شتانە بەجیهانی كراون چونكە لەلای رۆژئاوای بەهێزەوە هاتوون بێ ئەوەی ئەو پرسیارە جێگەی لە مێشكماندا ببێتەوە : بۆچی تاكە یادێك ئێمە بەجیهانی نەكراوە؟ دەولەتی ئیسلامی دەتوانێت هەموو كەنالەكانی راگەیاندن بۆ گەڕاندنەوەی كەسایەتیی دۆراو تەرخان بكات. لەمەشەوە دیارە كە قسەی ( بچنە مزگەوتو نوێژی خۆتان بكەن ) قسەیەكی بێ كەلكە چونكە هەتا ئەگەر

((ئاسایش)) یش لێگەڕێتو ترساندن پیادەنەكرێت شیرین كردنی ناهەقی دەوری گەورەی خۆی دەبینێت، ئەمە تەنها یەك نموونە بوو، رۆژیش نییە نموونەو بەڵگەی تر نەبینین لەسەر ئەوەی ئیسلام پێویستی بەدەوڵەتە.

## ٣- داوای رێزگرتن لە حكومەت:

دەڵێنو راست دەكەن كاتێك دەڵێن ئەو مرۆڤەی یاسا دادەنێت پێویستە خۆی یەكەم كەس بێت پابەندی بێت، دەشڵێنو ئەمجارەش هەر راست دەكەن كە لای خۆمان ئەوانەی یاسا دەردەكەن یەكەم كەسن پێشێلی دەكەن . بینیوشمەو كەس بۆی نەگێڕاومەتەوە كە بڕیاری حكومەتی هەرێم كە كەس بەئاشكرایی لەرەمەزاندا شت نەخوات لەلایەن فەرمانبەرانی حكومەتو لەناو دەزگاكانی حكومەتدا خراوەتە ژێرپێ.

ساڵێكیان چوومە دەزگایەكی حكومەت[١] كە بەرپرسە لە بەجێهێنانی ئەو بڕیارەو لەحەوشی ئەو دەزگایەدا دیمەنێكم بینی، قۆری لەسەر ئاگرو كتری تەنیشت قۆریو هەردووكیان هەڵمیان لێ هەڵدەسا، لەدەوریشیاندا جۆرەها خواردەمەنی وشك دانرابوون ، كابرای بەرپرسیش لەبەردەمی خۆمداو لەكاتی پێكەوە قسەكردنماندا جگەرەی خۆی داگیرساند، دیارە بۆ ئەوەی بێتاقەتم بكات بەڵام نەیزانی كە بەم كارەی یاسا كوردییەكەی (یاسای پێشێلكردنی یاسا) دەسەلمێنێت.

لەژوورەوەو لەدەرەوەی دەزگاكەشدا، بەڵێ: لەدەرەوە و لەسەر شۆستە قەرەباڵغەكەدا لەتەنیشت شەقامە هەرە سەرەكییەكەدا كارمەندانی دەزگاكە جگەرەیان دەخواردو ئەو یاسایەیان دەسەلماند.

دەڵێن و ناهەقی دەكەن كاتێك كە دەڵێن: پێویستە رێز لەیاساو بڕیارەكانی حكومەتی هەرێم بگیرێت. هەقی خۆتە هەر دەرفەتێكت بۆ بلوێت ئەو بڕیارەی بەدڵت نییە بیشكێنی بەڵام ئایا لەو كاتەدا ئاكامی تۆو دەسەڵاتدارێك وەكو یەك دەبێت؟

---

[١] ئەو دەزگایەش بەڕێوەبەرێتیی ئاسایش بوو!! رەمەزانی ئەمساڵیش (٢٠٠٤) هەر وەكو ساڵانی پێشوو ئاسایش یەكەم كەس بوو ئەو بڕیارەی شكاند كە دەبوایە یەكەم كەس بووایە پابەندی بێتو چاودێریی رێزلێگرتنی لەلایەن خەڵكەوە بكردایە. هەستیش دەكەم ئەمساڵ ئاسایش لەجاران زیاتر رێزی نەبووە بۆ مانگەكەو بۆ بڕیاری حكومەتەكەی. یەكێك لە دیمەنەكان كە بینیمن ئەو ئاسایشەی لەگەڵ ئاسایشی تردا لە كاتی خولانەوە بۆ چاودێریكردنی هێمنیو ئاسایشو سەقامگیریی ((یاسا)) لە پشتی (میگ زەمینی) دانیشتبوو و لە شەقامە قەرباڵغەكەی تووی مەلیكو لەبەر چاوی خەڵكەكە جگەرەی دەكێشا. تێبینیی رەمەزانی ١٤٢٥ ك - ٢٠٠٤ ز.